# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٤٢) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ بەسەر سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشتر سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی زەویی نیشتەجێبوون.

٢. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**